# دوو پیاو لە مێژودا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



نووسین لەسەر دیاردەکانی شانۆی سیاسی کوردیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورستر دەبێ ،چونکە " کارەسات "ەکانی نێو ئەم دیاردانە ڕووداوی ئاسایی نین کەچی بە خێرایەکی ئەفسانەیی دەبن بە مێژویەکی بێ باک هیچ کەس باجی لەسەر نادا.دەبن بە بەشێک لە ڕۆتینی بوون و خاڵی بوون.لە کوێی ئەم دارمان وهەرایەدا هەواڵێک،یان کە ڕووداوێک زەق دەبێ،کۆمەڵگە بە پێ ی قەبارەو جۆری ئەم زەق بوونەوەیە بێدار بوونێکی کاتیی نیشان دەدا.تێزی خۆدزینەوەی لە بابەتی " ژیان بەرداوەمە " هەروەکو هەموو جارێک ئەم زەق بونەوانە،ئەم کارەساتانە لە باشترین حاڵەتەکانیدا دەکا بە دەمەتەقێ ی سەر چاخواردنەوە،یان قەڕەباڵغ کردنێکی بێ تامی دیوی یەکەمی سایتەکان .

ماراسۆنێک دەگوزەرێ لەنێوان ئاستی جیاوازی دەسەڵات وحیزبە سیاسیەکان و کەسایەتیەکان،لەسەر دەسکەوت و بەرژەوەندی زیاتر وزیاتر.پەیوەندیە تازەکان، پەیوەندیە کۆنەکان،خولی تازەی شەڕە شەخسیەکانیش گۆشەیەکی زیندوی هەمان ئەو ڕاکردنەیە کە ئێستا وەکو بەشێک لە ڕیاو ناکۆکیەکانی ئەم هەرا گشتیەدا،بووە بە شەڕی دوو بەرەی "حەق وناحەق ". ئەم دووبەرەیە کە هەرجارەی دوو لایەن ، دووحیزب ، دوو کەسایەتی لە ژێریدا شەڕی " بوون ومانەوە " خۆیان لەسەر حیساب و بێ دەنگی کۆمەڵگە دەکەن ،هەمووی لە سیحری یەک ووشەی ماتماتیکی ئالودەی خوێناوی دەکرێ چڕبکەین کە ئەویش ووشەی " دابەش " کردنە ! یەکێک لەو کارەساتانەی کەئەمڕۆ دەگوزەرێ ئەوەیە کە شەڕەکان لە بێ ڕوویدا لەوە تێپەڕیون تەنیا لەسەر تاڵان کردنی دەسکەوتە مادی و سیاسەکان بێ،شەڕەکان چوونەتە قۆناغێکی تر کە بریتی یە لە " دابەش " کردنی تاوانکاریەکانی مێژوی ڕابردوو بەسەر یەکتر،کۆمەڵگەش بێ دەسەڵات وەکو بینەرێک،وەکو ئەوەی ئەو تاونکاریانە لە ڕابردوو دژ بەو ئەنجام نەدرابێ،سەرسام بەرامبەر ئەو نهێنیە ترسناکانەی کە ئەم کەسایەتیانەی لەسەر یەکتر دەیدرکێنن ئەبڵەق بووە.

مام جەلال و نەوشێروان مستەفا،شەڕەکانیان دژ بەیەکتر ئێستا زۆر خستە.ئەو نهێنیە جەرگ بڕانەی کە لەسەر یەکتری باس دەکەن،بە چاوپۆشین لەو بەشانەی تایبەتە بە کێشمەکێشمی ناوخۆی حیزبی (بێ ئەوەی لە گرنگی کەم کەمەوە) ئەو بەشانەی تایبەتە بە کارەسات و لەحزە چارەنوسازکانی 30 تا 40 ساڵی رابردووی کوردستان تاوانکاری گەورەی تێدایە،کە ئەزموونی بینینی حوکمڕانی کوردی خۆی شایەتحاڵێکی زیندووی لێوەشاوەیی ئەوانە بۆ هەڵدانەوەی هەر مەلەفێکی ڕابردوو.

زمانێک کە مام جەلال دەیەوێ تاونکاریەکانی ڕابردوو بخاتە سەر ئەستۆی نەوشێروان ،زمانێکی " خیتابیە " کە ئەگەر هەموو قسەکانی حەقیقەتیش بن ،لەبەر بیناى پەرپوتی تێکستەکەی وەکو بوختان و شان خاڵی کردنەوە دێنە بەرچاو.زمانێک کە نەوشێروان وەڵامی مام جەلال ی پێدەداتەوە زمانی دۆکیۆمێنتارێکی پرۆفیشناڵە کە ئەگەر هەموو قسەکانی درۆش بن وەکو حەقیقەت خۆ دەنوێنن . ڕادیکاڵ بوون بەوە تەواو نابێ کە ئێمە لە تەکنیکی هەلبژاردەی هەریەکەیان بگەین،یان لەسەر هەمان میسۆدی " دابەش " کردن ،خۆمان دابەش کەین لە نێوان ئەوەی کامەیان حەقەو کامەیان ناحەقە ،ڕەخنەیک دەتوانێ ئەم کارە لە ئەستۆ بگرێ،کە لەهەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەم دووکەسە لە پڕۆژەی هاوبەشی هەردوکیان لە مێژویی 30-40 ساڵی ڕابردوو پرسیار بکا ((چیتان ئەنجام داوە ؟ )) .

لاوازترین بێ ئاگایی ئەم دوو کەسایەتیە لەوەدایە کە هەردوولایان کۆکن لەسەر کردنی هەموو " تاوانەکان " بەڵام،ناکۆکن لەسەر ئەوەی " کامەیان " کردویەتی،کارەساتی کۆمەڵگەش،یان ڕوونتر بڵێم ئەو بەشەی کۆمەڵگە کە بە شێوازیەک خۆی بە خەبەر نیشان دەدا لەوەدایە کە خەریکی کول کردنی ڕەخنەی سەرەکیە.ڕەخنە لەودایە ئەم دووکەسایەتیە بۆ نزیکەی نیوسەدە هاوبەش بوون لە تاوانەکان،هاوبەش بوونە لە بێ دەنگی ودا پۆشینی تاوانکاری یەکتر.

لە دەرەوەی کارەساتی "دابەش " کردنی تاونکاریەکانی دوێنێدا ،لە کارەساتەکانی ئەمڕۆدا کە بەهێمنی بە سەرماندا تێدەپەڕن ،دوور لەهەر تەدەخولێکی نەوشێروان مستەفادا بە ئاشکرا دیارە کە عوقدەی سەرەکی مام جەلال " مانەوەیە " لە مێژوودا . بەخشینی 4 ملیۆن دۆلار بە ڕۆژنامەی ((الشرق الاوسط)) بۆ ئەوەی بیرەوەریەکانی وەکو پیاوێکی گرنگ بۆ بڵاوبکاتەوە بوختانی نەوشێروان مستەفا نیە،بەخشینی هەزاران دۆلار بە ڕۆژنامە نووسێکی ئەمریکی لەبەرزی هەزاران مەتر لە ئاسمانەوە لە نێو فرۆکەدا بوختانی کەس نیە قسەی ڕۆژنامە نووسەکە

خۆیەتی.شیعر خوێندنەوەی مام جەلال لەبەردەم ڕەسمی ئاخوندێکی کوژراوی ئاینیدا بوختانی کەس نیە بەڵکو موجامەلەکان و پێویستیەکانی "مانەوەیە" لە مێژودا.

عوقدەی سەرەکی نەوشێروان مستەفا " قومار کردنە " بە مێژوو بەو هەموو ڕاستیانەی کە چ خۆی وەکو بکەر بووە چ وەکو شایەدێکی بێ دەنگ لە دیارکردەوەکانی مام جەلال بووە . نەوشێروان 30-40 ساڵە ئیختیاری لەبەردەم هەبوو،کە خۆی لە کاروانی تاوانکاری جیا کاتەوە ،کەم نەبوون ئەوانەی هەرزو لە یەکێتی جیا بوونەوەو حیزبیتریان دامەزراند،بەڵام؛بە درێژایی پڕۆژەی هاوبەشیان تێنوێتی هێزوو دەسەڵات لە هەردوو کەسایەتی وەکو یەک وابوو، پێش ئەوەی ئەوان دوو کەسایەتی سیاسی بن ،بۆ یەکتر دوو " زەرورەتی " مێژویی بوون . مێژوو بە مانا حقوقیەکەی لە لای نەوشێروان مافێکی " زانین " مافی بەهرەمەند بوونی کۆمەڵگە نیە لە فایلەکانی دیبلۆماسیەتی نهێنی و پیلانی پشتەوەی ڕووداو و کارەساتە گەورەکان،بەڵکو فەیلەقێکی ئیحتیاتی شەڕی بەرژەوەندو سیاسەتەکانە،کە هەرجارەی فایلێکی لێ دەردێنێ و وەکو ڕۆکێت دەیگرێتە مام جەلال ویەکێتی.

بەدەر لەو ڕاستیانەی سەرەوەدا،حەملەی ئیعلامی مام جەلال بە گۆڕان و نەوشێروان مستەفادا لە ئەمڕۆدا ئامانجی تریش سۆراغ دەکا کە لە ڕێگای پێکانی " گۆڕان "ئامانجی گەورەتر لە گۆڕان و لیستەکەی بپێکێ .ئەوەندە نابێ لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان یەکێتی نیشتیمانی کەوتە گەرم بوونێکی کاتی بۆ تەواو کردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاریەکانی کە ساڵەهای ساڵە پارەکانی خوراوان،کەوتە جۆش دانەوەی کۆبوونەوەی جەماوەری هتد،هەموو ئەو چالاکیانە دادی نەدا لە چاک کردنەوەی دارمانی ئەو هەیبەتە سیاسیە،چونکە گرێیەکە لە شوێنێکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە ،گرێ یەکە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەخەڵکی کوردستان لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە،لە ڕێگای دەنگدان بۆ " گۆڕان " تۆڵە یان لە دەسەڵاتی سیاسی کردەوە،دوور نیە ئەمڕۆ یەکێتی لە ڕێگای سەرکوتی " گۆڕان " هەیبەتی سیاسی خۆی جێگیر نیشان بدا،بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانیش ئەمجارەیان دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای سەرکوتی گۆڕان تۆڵە لە خەڵکی کوردستان بکاتەوە.